**Kurdistan parliament- Iraq**

**Kurdistan - Erbil**



**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**کوردستان ـ هەولێر**

## ڕاسپاردەی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە

**ڕاسپاردەی یەکەم: بۆ حاڵەتی ئێستا**

1 - زیاد کردنی بنکەی تەندروستی و تیمی پزیشکی سوپا و دابەش کردنیان بەپێی پێویستی و دور و نزیکی جەبهەکان.

2 - دابین کردنی و زیادکردنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرا (ئەمبولانس) لە لیواکان و فەوجەکان.

3 - دانانی بۆکسی (فریاگوزاری سەرەتایی) لە هەموو بازگەکان، بەپێی ڕێژەی پێشمەرگە.

4 - دابین کردنی کڵاوی ( خودە) لە کاتی جەنگدا، وە ڕێنمای کردنی پێشمەرگە بۆ بەکارهێنانی کڵاوی بەرهەتاو لە کاتە ئاساییەکانی بەرەی جەنگدا، بۆ پاراستنی تەندروستی پێشمەرگە لە زیانەکانی هەتاو.

5 - دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی تەندروست بەپێی پێویستی پێشمەرگە، کە ئەوە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی پێشمەرگە، چونکە کەمی ئاو خواردنەوە، پیسی جۆری ئاوەکەی، لەو ناوچە گەرمانە کێشەی تەندروستی زۆری بەدواوەیە.

6 - دابین کردنی خواردەمەنی ستاندارد و گەیاندنی لەکاتی خۆیدا، وەبوونی یەکەیەکی تایبەت بۆ چاودێری سەلامەتی خواردن.

7 - لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی تەندروستی پێکبهێندرێت، بۆ زوو بڕیاردان لەسەر ئەو پێشمەرگە بریندارانەی کە برینەکەیان سەختە و چارەسەریان لە دەرەوەی وڵاتە.

8 - دابەشکردنی پێداویستی پزیشکی و دەرمان بەسەر لیواو فەوجەکاندا، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و بەبێ جیاوازی.

9 - بۆ پاراستنی پێداویستی پزیشکی سەلامەتی دەرمان، پێویستە لە یەکە سەربازیەکان شوێنی تایبەت یا بارهەڵگری تایبەت دابین بکرێت، بە مەرجەکانی سەلامەتی.

10 -زیادکردنی دەرماڵەیەکی تایبەت بەو پزیشك و کارمەندانەی لە بنکە تەندروستیەکانی بەرەی جەنگن.

**ڕاسپاردەی دووەم**

بۆ ڕێکخستن و پێشخستنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە وەزارەتی پێشمەرگە زۆر پێویستە بەڕێوەبەرایەتیەکی کاروباری خزمەتی تەندروستی دابمەزرێن وەکو هەموو هێزەکانی بەرگری تر لە دەوڵەتەکانی دراوسێ و جیهان بە هەیکەلێکی ستاندارد و ئەرکێکی دیاری کراو.




## 1 - فە لسەفەی چارەسەری لە هێزەکانی پێشکەوتوو:

فەلسەفەی چارەسەری بو بریندارن لە ناو هێزەکان بە شێوەیەکی گشتی تەرکیز دەکریت کە بریندارن چارەسەر ببن وبە زویترین کات بگەرنەوە بو یەکەکانی خوی, و ئەمەش دەکرێت یان بە چارەسەری لە سەنتەرەکانی پێشکەوتوو یان گواستنەوە بو نەخوشخانە کە چارەسەری باشتر لێ بکرێت.

بوچوونی زوربەی هێزەکان و بە تایبەتی هەندێك هێزەکانی روژهەلاتی ناڤین گرنگی داینە لە سەر چارەسەرکردنی مەیدانی و باشتر خوی ئامادە دەکەن بو چارەسەرکردنی بریندارن لە ناوچەکانی بەرەی جەنگ دا، وجیاوازی لە گەل ئەو دەولەتانەی کە ئاسانکاری گواستنەوەیان هەیە و توانای چارەسەری پزیشکیان هەیە، و پشت بەستن لە سەر گواستنەوەی هەموو بریندارن جگە ئەوانە ی کە برینیان سوکە بو سەنتەرەکانی چارەسەری لە دواوە مادام وەزعی بریندار دەکرێت بێتە گواستنەوە لە رێگای ئۆتۆمبێلی بەهاناچوون یان بە فروکەی گواستنەوەی تایبەت بە فریاگوزاری کە ئامادەکراون بو گواستنەوەی بریندارن.

## 2 - خزمەتگوزاری پزیشکی مەشقپێکراو:

خزمەتگوزاری پزیشکی مەشقدراو لە هەموو هێزەکان بەرپرسە لە سەر چارەسەری هەموو بریندارن ونەخوشەکان تا تەواو چارەسەر دەبن، بەلام ژمارەی تەواوی کارمەندانی بسپور کەمن لە کوردستاندا، ولە بەر ئەم ئەگەرە دەبێ هاوکاری بەرایی بکرێت لە لای رەفیقی بریندارەوە، ومەشقدانی هەر تاکە کەسێك لە ناو هێزەکانی جەنگ لە سەر بنەمایی بەهاناچوونی بەرایی یەك(اسعاف الاولی) کەلە بنەمای زور گرینگە وپێویستە ئەم فێرکردنە ببیتە بەشێك لە کارنامەی مەشقدانی سەربازی وجگە لەبەرچاو گرتنی پسپۆری. جەنگی ومەشقکردن لە سەر چەك.

3 - مەشق پێ کردنی پزیشك و یاریدەدەری پزیشك و برین پێچەکان بەشێوەیەکی باش کە ئامادەبن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیان لە ماوەی جەنگدا وە خزمەتگوزاری سەربازی بە شێوەیەکی گشتی شیاو بێت بۆ دانانی بڕیاری گونجاو لەسەر بارودۆخی بریندارن و جولاندنی سەنتەرەکانی بە هاناچوون، هەروەها ئۆتۆمبێلەکانی مەیدانی و نەخۆشخانەکانی مەیدانی .....هتد.

هەروەها پێویستە پزیشك مەشقی پێ بکرێت لەسەر هونەری سەرکردایەتی لە کۆلیژەکانی سەربازی پێش بەرێوەبەرایەتی سەرکردایەتی بنکەکانی پزیشکی چ بنکەی سەربازی بێ یان لە مەیدانی جەنگدا بێت.

## 4 - رێکخستنی پشتیوانی پزیشکی :

لە کاتی ریکخستنی پشتیوانی پزیشکی لە مەیدانی جەنگدا پێویستە تەرکیز بکرێت لە سەر یەکەم ئاراستە بو چارەسەری بریندارن لە نزیکترین بنکەی پزیشکی لە مەیدانی جەنگ (نوژدارێك ب پلەی ئەفسەر وبەهاوکاری لە گەل ژمارەیەکی کەم لە هاریکاران بنکەی پزیشکی مەیدانی بەرێوەدەبن ) دا کو بریندار بگەرێتەوە بو یەکەی خوی دوای چارەسەری یان بهێتە گواستن بو ژورەوە پشتبەستن لە ریژەی بریندارن بوونی .

بەلام ئاراستەی دووەم کە ناسراوە بە نشتەرگەری لە ماوەی شەش کاتژمێر دا و هاتیە پەسەندکردن لە جیهاندا وبریتیە لە ئەو بریندارانەی کە پێویستیان بە نشتەرگەری هەیە و زوربەیان برینداری مەیدانین ودەلیڤەی چارەسەریکردنی باشترە لە شەش کاتژمێری کە رویداوە.

ئاراستەی دووەم هەلدەستیت لە بەینی لیوا وسوپا ، بەلأم ئاراستەی سییەم پێکدەهێت لە نەخوشخانەکانی مەیدانی لە سەر ئاستی هێزەکان ولە پشت سنوری ناوچەکانی پشتەوە بو سوپا ، و ئاراستەی چوارەم کە هەموو نەخوشخانەکانی دەولەت بە سەر هێزەکانی چەکدار یان وەزارەتی تەندورستی لە خوی دەگرێت .

## 5 - رێکخستنی یەکەکانی لەشکەری:

بو چارەسەرکردنی پزیشکی لە ئاراستەی دووەم دا هەموو کات پێویستی بە ترومپێلی هاناچوونی مەیدانی هەیە وئەمەش بەشێکە لە لیوا یان سوپا و هەژماری ئەو تروپیلانەش دیاری نیە ودێنە دەستنیشانکردن لە دویف پێویستی بونێ، و ترومپێلەکانی بە هاناچوونی یێن مەیدانی هەڵدەستن بە دابینکردنی پێشکەش کردنی فریاگوزاری خێرا و نەشتەرگەری بوژاندنەوە و پاراستنی ژیانی برینداران تا گەیاندنیان بو نەخوشخانەی لەشکەری.

***وتیمی نشتەرگەری نمونەیی*** پێك دێت لە نشتەرگەر و نژداری سڕکردن وئەفسەری برینپێچ یان ئەفسەری مەشقدراو ولە گەل سێ هاریکاری نشتەرگەری بسپور ونوسەر وهاریکاری پزیشك بو رێکخستنی نشتەرگەری بوژاندنەوە ودەبێت ئەم تیمە شیاوی جوڵاندنەوەی بە پەلە هەبیت وهەموو پێداویستی لە گەلیان بن بو دانانی خیوەتی مەیدانی وبو کردنی نشتەرگەری وهەروەها هەلگری هەموو پێداویستی وکەرەستەکانی پزیشکی بن کە بەشی پەنجا نشتەرگەریان هەبیت .

بەلام ***نەخوشخانەی مەیدانی نموونەی*** بەشی 100 تەخت و 2 تیمی نشتەرگەری هەیە و ئەم یەکە پزیشکە گەورەیە لە گەل هێزەکان دەبیت وەکو نەخوشخانەی مەیدانی لە هەر تیمیكێ و ئەم نەخوشخانە شیاوی کردنی تیشکی سینی ودابین کردنی گواستنەوەی خوێن هەیە .

***ونەخوشخانەی گشتی*** کە بەشی 200 تەختی هەیە وشیاوی هەموو نشتەرگەریان هەیە وپێشکێشکردنی چارەسەری پزیشکی بو نەخوش و برینداران وئەم جورە نەخوشخانە تیمێن نشتەرگەرییێن تەواو لە خو دەگرێت و زوربەیان پێك دێن لە سەنتەری تایبەت بو چارەسەری سوتاندن و برینەکانی سەر وسینگ ولە بەر ئەم ئەگەرانە شیاوێن نەخوشخانەی گشتی زور باشترە و شیاوێن چارەسەرییێ گەورترە لە نەخوشخانەی مەیدانی .

### 6 - پولێنکردنی برینداران :

سیستەمی ڕێزکرنی کەیسەکانی نەخوشی لە پیناو ئەولەویەت پێ دەووترێت سیستەمی دەسبژێرکردن و بە پێرابونی نوژدارێك بە پلەی ئەفسەر لە سەنتەری پێشوازی وشیاوی دەرکردنی حوکمی پزیشکی دروست هەیە وجیاکردنەوەی ئەو کەیسانەی بتنوانیت گواستنەوەی بو بکرێت وببریتە سەنتەری چارەسەرکردن لە ناوچەکانی پشتەوە و ئەو بریندارانەی کە تەنها پێویستی بە بوژاندنەوەیە.

### 7 - چولکردن و(امدادات) پزیشکی:

هەلگرتن وگواستنەوەی برینداران لە ئاراستەی بەرەی جەنگ لە رێگای ترومپیلی بەهاناچوون وفروکەکانی هیلیکوپتەر دەبێت ، وپێویستە خزمەتگوزاری ترومپێلەکانی بەهاناچوون لە ناوچەکانی بەرەی جەنگ دا لە ئاستیکی زور بەرز دا بن دابینکرابێت لە کەل و پەلی پزیشکی گرنگ بو هاوکاری کردن و ڕزگار کردنی ژیانی برینداران .

### 8 - بژێوی(خوراکدان ):

هەر هیزیك لە جیهاندا پشت بەستە لە سەر سیستەمیکی خوراکدان بۆ لەشکەرەکانی خوی وپێك دهێت لە هەموو جورەکانی خواردن کە پێویستن بۆ هاوکاریکردنی لەشکری لە ماوەی مەشقدانی قورسدا وبێ گومان ئەو خواردنانەی کە پێشمەرگە دەیخوات لە ماوەی جەنگدا جیاوازە لە گەل ئەو خواردنی بوی ئامادە دەکرێت لە ماوەی مەشقدانی دا ، لە ماوەی جەنگدا پێویستە پشت بەستبن لە سەر خوراکدانی پاریزراو لە ناو قوتی لەگەل بوتلی ئاوی تەندروست و یەك لیتر و نیو بێت.

9 - دابین کردنی کلاوی خودە بۆ کاتی جەنگ و کلاوی بەرهەتاو بۆ کاتی ئاسایی پاسەوانانیدا لە بەرەی جەنگدا.